

# شەهید عەباس

## عەباس سەعدی ئیسماعیل خدر

یەکێکی دیکە، لەو شەهیدانەی کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا و پەرێزگاری کردن لە کوردستان، لەسنووری ناحیەی سێگردکان شەهید بوو، شەهید عەباس سەعدی ئیسماعیل خدرە.

عەباس سەعدی، لە یەکی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٧٤) لە گوندی سارتک، لە ناحیەی سێگردکان/ کۆیە لەدایک بووە. لەماوەی ژیانیدا تاکوو پۆلی پێنجی بنەڕەتی خوێندووە، لەدواتردا بەهۆی فەقیری و هەژاری و کەم دەرامەتییەوە وازی لەخوێندن هێناوە و سەرقاڵی کارکردن بووە.

شەهید عەباس، لەڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١) و لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە، چەکی هەڵگرتووە و بووە بە پێشمەرگە، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردووە، کە پێوەندی بە کوردستانەوە هەبووە، لەوانە شەڕی "جوندولئیسلام" و "کۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)" و کۆتا شەڕیش "شەڕی داعش" بووە. لەو ماوەیەشدا دوو جار بریندار کراوە، ئەڵبەتە لە ساڵانی نەوەدەکان برایەکی دیکەی بەنێوی سەعید شەهید بووە.

شەهید عەباس، لە ساڵی (١٩٩٥)دا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەنێوی (ئەدیبە حەمەدئەمین ڕەشید) پێکهێناوە و بەرهەمەکەیان دوو کوڕ بەنێوەکانی (عەلی، تەمەن

هەژدە ساڵ و یوسف، تەمەن پازدە ساڵ) و سێ کچ بەنێوەکانی (فێنک، تەمەن بیست ساڵ، هەتاو، تەمەن نۆزدە ساڵ و فرمێسک، تەمەن دوازدە ساڵ) بووە. لە ساڵی (٢٠٠٩)دا بۆ جاری دووەم ژیانی هاوبەش لەگەڵ خانمێکی دیکە بەنێوی (زریان سەباح شەریف) پێکهێناوە و بەرهەمی ئەو بەیەکەوە بوونەیان دوو کوڕ بەنێوەکانی (محەممەد، تەمەن پێنج ساڵ و مەحموود، تەمەن دوو ساڵ) و کچێک بەنێوی (فاتمە، تەمەن شەش ساڵ) بووە. واتە خاوەنی هەشت منداڵ بووە.

شەهید عەباس، لە یازدەی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٤)دا، لە دووبز شەهید بووە، واتە بەماوەیەکی کەم لەدوای داگیرکردن شاری موسڵ لەلایەن داعشەوە. لەدوای شەهید بوونی شەهید عەباس، جەستەی شەهید دەگوازرێتەوە شاری هەولێر و لە دارەتوو بەخاک دەسپێرن، بەپێچەوانەی شەهیدەکانی تر، کە لەزێدی خۆی بە خاکیان سپاردووە.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێزان (عەیشێ وەسمان محەممەد، دایکی شەهید، ئەدیبە حەمەدەمین ڕەشید، خێزانی شەهید و زریان سەباح شەریف، خێزانی شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی دوازدەی تەمموز، ڕۆژی سێ شەممە، لە قەرەناو، لە ماڵی ناوبراوان.





